بارەگای بارزانی رونکردنەوەیەک لەبارەی وتەکانی ئیاد عەلاوی دەدات



بارەگای مەسعود بارزانی ڕوونکردنەوەیەکی بەاوکردەوە سەبارەت بە تەمەنتەکانی ئیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشوتری عێراق و ئەمینداری گشتی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتیمانی لەبارەی کردنەوەی لقی حیزبی بەعس لە هەرێمی کوردستان.

بارەگای بارزانی لە ڕونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند، "دەرگای کوردستان و هەولێر کراوەیە بە هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی کە بە ئازادیەوە تێدا بژیت، بەڵام ئەوەی ئیاد عەلاوی باسیکردوە دوور لە ڕاستیەوە و جێگەی پرسیارە".

ئیاد عەلاوی، سەرۆک وەزیرانی پێشوتری عێراق و ئەمینداری گشتی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتیمانی لەکاتی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانییەتێکی سیاسی بە هەڵبژاردن وتارێکی پێشکەش کرد و لە بەشێکی وتارەکەیدا وتی، "قەناعەتەکان گۆڕاون، تازە زانیومە کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی ڕێگای داوە لقی حزبی بەعس لە کوردستان بکرێتەوە".

بارەگای بارزانی ئاماژەی بەوەکرد" لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمەڵێکی سیاسیدا، بەڕێز ئیاد عەلاوی

هەندێ قسەی لەبارەی کردنەوەی لقی حزبی بەعس لە کوردستان خستوتەڕو".

وتیشی، "جەخت دەکەینەوە دەرگای کوردستان و هەولێر کراوەیە بۆ هەمو هاوڕاتیەکی عێراقی کە بۆ ئازادییەوە تێدا بژیت، بەڵام ئەوەی بەناوی ئیادعەلاوی لەبارەی کردنەوەی لقێکی حزبی بەعس لە کوردستان باسی کردوە دورە لە ڕاستیەوە".
هەر لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە،"ئەو جۆرە قسانە جێگەی سەرسوڕمانکی زۆر و جێگەی پرسیارن، کە بۆ ئەم قسانەی کردوە لە کاتێکدا کە ڕاست نین".